vicroads

پەڕەی زانیاریی

# شێوازی وەرگرتنی بڕوانامەی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لە ویلایەتی ڤیکتۆریا

## ڕێنوێنی بۆ خاوەن بڕوانامە بیانییەکان

بۆ وەرگرتنی بڕوانامە و لێخوڕین لە ویلایەتی ڤیکتۆریا، VicRoads دەبێت دڵنیا ببێتەوە کە ئێوە یاساکانی لێخوڕین دەزانن و دەتوانن ئۆتۆمبیلێک بە دڵنیایەوە کۆنترۆڵ بکەن.

### خاوەنەکانی ڤیزای کاتیی

ئەگەر ئێوە بە ڤیزایەکی کاتیی لە ویلایەتی ڤیکتۆریا دان، دەتوانن بە بڕوانامەی بیانی خۆتان (دەبێت هەنووکەیی و بڕوادار بێت) بۆ خولێکی بێ سنوور لێخوڕن. بڕوانامەی لێخوڕینی بیانی ئێوە دەبێت بە زمانی ئینگلیزی (یان لەگەڵ وەرگێڕدراوەیەکی ئینگلیزی یان مۆڵەتی لێخوڕینی نێونەتەوەیی) بێت. ئەگەر ئێوە داوای بڕوانامەی ڤیکتۆریایی بکەن، و لە تاقیکاریە پێویستەکاندا دەرچن بڕوانامەیەک (سایەقی) بۆ ئێوە دەردەچێت، پاش ئەوە بڕوانامەی بیانی ئێوە چی تر بۆ لێخوڕین بڕوادار نابێت.

### کەسانی خاوەن مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی دایمی

ئەگەر ئێوە بە ڤیزایەکی دایمی لە ویلایەتی ڤیکتۆریا دان، دەتوانن بە بڕوانامەی لێخوڕینی بیانی خۆتان (دەبێت هەنووکەیی و بڕوادار بێت) لێخوڕن بۆ:

- شەش مانگ لە ڕێکەوتی یەکەمین جارێکەوە کە دێنە ناو ئوستراليا (ئەگەر ڤیزای دایمی پێش هاتنەناوی ئێوە بۆ ئوستراليا دەرچووبێت)؛
- شەش مانگ لە ڕێکەوتی دەرکردنی ڤیزای دایمی بۆ ئێوە (ئەگەر ڤیزای نیشتەجێ بوونی دایمی بۆ ئێوە لە ئوستراليا دەرچووبێت).

بڕوانامەی لێخوڕینی بیانی ئێوە دەبێت بە زمانی ئینگلیزی (یان لەگەڵ وەرگێڕانی ئینگلیزی یان مۆڵەتی لێخوڕینی نێودەوڵەتی) بێت. ئەگەر ئێوە دەتانەوێت پاش شەش مانگەکە درێژە بە لێخوڕین بدەن، پێویستتان دەبێت بە بڕوانامەیەکی لێخوڕین لە ویلایەتی ڤیکتۆریا.

**بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ڤیکتۆریایی ئێوە دەبێت 18 ساڵ تەمەنتان هەبێت.**

### وەرگرتنی بڕوانامەی ڤیکتۆریایی

هەندێ لە وڵاتان خاوەن ستانداردی بڕوانامەی هاوشێوەی ئوسترالیان. ئێوە ڕەنگە بتوانن بڕوانامەی بیانی خۆتان بگۆڕن بە نموونەی ڤیکتۆریایی بە بێ تێپەڕاندنی تاقیکردنەوە، ئەگەر بڕوانامەی ئێوە بڕوادار بێت یان پتر لە پێنج ساڵ لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی تێنەپەڕیبێت. بۆ دیتنی ئەوەی کە وڵاتی ئێوە لەم ڕیزبەندەدا هەیە یان نا سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:

**vicroads.vic.gov.au/OverseasDriversLicences**

پەیوەندی بکەن بە VicRoads ەوە یان سەردانی ناوەندی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکەن تاکو کاتێکی چاوپێکەوتن بۆ دەرکردنی بڕوانامەی ڤیکتۆریایی ڕزێرڤ بکەن.

ئەگەر بڕوانامەی ئێوە هی وڵاتێ بێت کە لە ڕیزبەندی ناسراودا نییە، ئێوە دەبێت لەو تاقیکاریانەی خوارەوەدا دەرچن:

- تاقیکاریەکی کۆمپیۆتەری زانیاریی لەسەر یاساکانی ڕێنوێنی و لێخوڕین، و
- تاقیکاریەکی تێگەیشتن لە مەترسی (Hazard Perception Test) کۆمپیۆتەری، و
- تاقیکاریەکی کردەوەیی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لە جادەدا.

ئەم تاقیکاریانە لە شوێنی ناوەندی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads جێبەجی دەکرێت و دەبێت لە پێشدا ڕزێرڤ بکرێن. ئێوە دەبێت لە هەر تاقیکاریەکدا، پێش چوون بۆ تاقیکاریی دواتر دەرچن. دەرەنجامەکانی تاقیکاریی بۆ 12 مانگ بڕوادارە. ئەگەر لەم ماوەیەدا بڕوانامەیەک دەرنەچێت، دەبێت دیسان لە تاقیکاریدا بەشداری بکەن.

### وەرگێڕانی بڕوانامە

مۆڵەتێکی لێخوڕینی نێودەوڵەتی وەکو وەرگێڕانێک لە بڕوانامەی لێخوڕین قبووڵ دەکرێت.

ئەگەر ئێوە مۆڵەتتان نەبێت و بڕوانامەی ئێوە بە زمانێکی جگە لە ئینگلیزی بێت، دەبێت وەرگێڕانێکی ئینگلیزی لەگەڵی بێت. تێچوونی وەرگێڕان بە ئەستۆی ئێوە بۆخۆتانە.

VicRoads تەنیا وەرگێڕانی جێبەجێ کراو لەلایەن ئەو سەرچاوانەی خوارەوە قبووڵ دەکات:

- وەرگێڕی بڕواداری NAATI (لە هەر ئاستێکدا)، یان
- قونسوولخانەیەکی پێوەندیدار لە ئوستراليا، یان
- وەرگێڕانێکی فەرمی لە وڵاتی سەرەکی.

ئەگەر ئێوە بڕوانامەکەی خۆتان لەگەڵ نییە، دەتوانن وێنەیەکی سەرەکی یان وێنەیەکی پەسەندکراوی نامەیەک لە یەکێک لەو سەرچاوانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

- بەرپرسانی دەرکردنی بڕوانامە لە وڵاتتاندا کە زانیاریەکانی بڕوانامەکەی ئێوە پەسەند دەکەن، یان
- قونسوولخانەی ئێوە کە زانیاریەکانی بڕوانامەکەی ئێوە لەگەڵ دەرچوونی بڕوانامە لە وڵاتتاندا پەسەند دەکات

## تاقیکاریەکانی بڕوانامە

### رزێرڤی تاقیکاریەکان

- به ژمارەی 71 11 13 پەیوەندی بکەن.
- ئێوە دەبێت تێچوونی تاقیکاریی لە کاتی رزێرڤی کاتی چاوپێکەوتندا بدەن.
- ئەگەر تاقیکاریی بە زمانی ئێوە لە بەردەست نەبێت و ئێوە پێویستتان بە یارمەتی هەبێت، VicRoads هەندێ وەرگێڕ بەخۆڕایی دابین دەکات. بۆ تەرخان کردنی وەرگێڕ، سەردانی ناوەندیی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکەن.
- بەرپرسی خزمەتگوزاریی مشتەری بە ئێوە دەڵێت کە دەبێت چ شتگەلێک لەگەڵ خۆتان بۆ سەر تاقیکاریی بهێنن.

### بەشداریی کردن لە تاقیکاریەکاندا

- دە خولەک پێش دەسپێکردنی تاقیکاریی لە شوێنەکەدا هەبن.
- هەموو ئەو شتانەی کە وتران بۆ تاقیکاریی پێویستتان دەبێت لەگەڵ خۆتان بیانهێنن.
- ئەگەر پێویست بوو بڕوانامەی بیانی و وەرگێڕانی ئەوە لەگەڵ خۆتان بهێنن (بەشی وەرگێڕانی بڕوانامە لە سەرەوە چاولیکەن).
- ئەگەر دێر بگەن یان بەڵگەنامە راستەکانتان لەگەڵ نەبێت رێگەتان پێ نادرێت بۆ بەشداریی کردن لە تاقیکاریدا.

## تاقیکاریەکی کۆمپیوتەری زانیاریی لەسەر یاساکانی رێنوێنی و لێخوڕین

بۆ ئامادە بوون بۆ تاقیکاریی ئێوە دەبێت پەرتووکی رێنوێنی لێخوڕین بە شێوەی تاکەکەسی (Road to Solo Driving) بخوێننەوە و لەگەڵی ناسیاو بن کە دەتوانن ئەوە بە شێوەی سەرهێڵ لە **vicroads.vic.gov.au** ببینن. پەرتووکەکە بە زمانی ئینگلیزی، چینی (ماندارین)، ڤیێتنامی، تورکی و عەرەبی لە بەردەست دایە.

ئەم تاقیکاریە بەو زمانانەی خوارەوە لە بەردەست دایە:

| | | |
|---|---|---|
| ئاڵبانیایی | مەقدۆنی | سۆمالیایی |
| عەرەبی | فارسی | ئیسپانیایی |
| کامبۆجی | رووسی | تورکی |
| چینی | سێربی | ڤیێتنامی |
| ئینگلیزی | سینهالی | |

ئێوە دەتوانن تاقیکاریەک بۆ راهێنان بە زمانی ئینگلیزی لە **vicroads.vic.gov.au** جێبەجێ بکەن

### تاقیکاریی زانیاریی:

- زانیاریی ئێوە لەسەر یاساکانی لێخوڕین و بەرپرسایەتیەکانی ئێوە وەکو لێخوڕێک هەڵدەسەنگێنێت و بەپێی پەرتووکی رێنوێنی لێخوڕین بە شێوەی تاکەکەسی (Road to Solo Driving) دەبێت.
- 32 پرسیاری هەیە و بۆ دەرچوون ئێوە دەبێت بۆ 78% یان زیاتر لە پرسیارەکان وەڵامی دروست بدەنەوە.

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر سەردانی **vicroads.vic.gov.au** بکەن یان بە ژمارەی **71 11 13** پەیوەندی بکەن یان سەردانی ناوەندیی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکەن.

زانیارییە پێشکەشکراوەکانی ناو ئەم پەڕەیە لە کاتی چاپدا راستن و رەنگە لە داهاتوودا بگۆڕدرێن.

## تاقیکاریەکی تێگەیشتن لە مەترسی کۆمپیوتەری (Hazard Perception Test)

### تاقیکاریی تێگەیشتن لە مەترسی (The Hazard Perception Test):

- دیاریکردن و دژکردەوەی ئێوە سەبارەت بە بارودۆخی قەرەباڵغی جیاواز لەوانە دیکەی ئامێرەکانی هاتوچۆ، ئەوانەی بە پێ دەڕۆن و دووتەگەرە سوارەکان هەڵدەسەنگێنێت.
- بریتییە لە هەندێ کورتە فیلم کە لە روانگەی لێخوڕێکەوە وەرگیراوە. ئێوە دەبێت پیشان بدەن کە ئەگەر لە جێی لێخوڕەکەدا دەبوون چ کاتێک دژکردەوەتان پیشان دەدا (بۆ نموونە کەمکردنەوەی خێرایی یان دەسپێکردنی گەڕانەوە).
- وەڵامەکانی ئێوە لە باری دڵنیاییەوە لێکدەدرێنەوە.
- ئێوە 45 خولەک بۆ پڕکردنەوەی تاقیکاریەکە دەرفەتتان هەیە.
- ئێوە دەتوانن تاقیکاریی تێگەیشتن لە مەترسی (The Hazard Perception Test) بە هەر کام لەو زمانانەی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە وەڵام بدەنەوە.

## تاقیکاریەکی کردەوەیی لێخوڕین لە جادەدا

تاقیکاریی لێخوڕین یارمەتی دەدات کە توانایی ئێوە بۆ دڵنیا لێخوڕین هەڵسەنگێندرێت. ئێوە دەبێت:

- بە بێ مەترسی لێخوڕن
- ئۆتۆمبیلەکە بە نەرمی کۆنترۆڵ بکەن
- لە یاساکانی رێنوێنی پێڕەوی بکەن
- لەگەڵ دیکەی بەکارهێنەرانی رێگاکە هاوکاری بکەن

### تاقیکاریی لێخوڕین:

- بریتییە لە بەشێکی پێش-لێخوڕین و دوو قۆناخی لێخوڕین
- ئێوە تەنیا کاتێک دەچنە قۆناخی دووەم کە قۆناخی یەکەمتان سەرکەوتووانە تێپەڕاندبێت.
- قۆناخی یەکەم بریتییە لە 10 خولەک لێخوڕین لە قەرەباڵغی سووکدا. قۆناخی دووەم، بریتییە لە 20 خولەک لێخوڕین لە بارودۆخی قەرەباڵغی زیاتر.

### حەتمەن ئەو بابەتانەی خوارەوەتان لەگەڵ هەبێت:

- ژمارەی چاوپێکەوتنی خۆتان.
- بڕوانامەی بیانی و وەرگێڕانی ئەگەر پێویستە (سەردانی بەشی وەرگێڕانی بڕوانامە بکەن).
- ئۆتۆمبیلێکی شیاو بۆ لێخوڕین (VicRoads بۆ تاقیکاریی ئۆتۆمبیل بە ئێوە نادات).
- پارەدانی تێچوونەکانی مۆڵەت.

## پاش تاقیکاریی لێخوڕین

ئەفسەری تاقیکاریی بڕوانامە بە ئێوە دەڵێت کە دەرچوون یان دۆڕاندووتانە.

### پاش دەرچوون لە تاقیکاریی لێخوڕین

ئێوە بەرەو شوێنێک بۆ وێنەگرتن بۆ سەر بڕوانامەکە رێنوێنی دەکرێن. بڕوانامەکەی ئێوە لە رێگای پۆست لە ماوەی نزیکەی یەک حەوتەدا دەگاتە دەستتان. پەڕاوەیەکی بڕوانامەی لێخوڕین بە ئێوە دەدرێت کە دەتوانن تا گەیشتنی بڕوانامەکە کەڵکی لێوەرگرن.

VRPIN02900 How to get your Victorian Driver Licence – Kurdish Authorised by VicRoads, 60 Denmark Street, Kew, 3101